

### یەحیا محەمەد میسییەکەی هەولێر:

# میسی سەرسوڕهێنەرە و دەمەوێ لاسایی ئەو بکەمەوە



**یەحیا محەمەد بازیانی یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی تازەپێگەیشتووانی قوتابخانەی یانەی وەرزشیی هەولێرە و بە جووڵە سەرنجڕاکێشەکانی چاوەکانی بینەرانی لـە دەوری خـۆی کۆدەکاتـەوە. ئەو یاریزانە هەر چەندە لە تەمەنی مێرمنداڵیدایـە، بەڵام خەون و ئارەزووی زۆری هەیە لە وەرزشـکردن و بە هیوای ئەوەیە ڕۆژێك بتوانێ بگاتە ئاستێکی بەرز و بۆ هەڵبژاردەی کوردسـتان یاری بکات. یەحیا کوڕی دکتۆر محەمەد بازیانی-ـە کە باوکی کەسایەتێکی دیاری کوردستانە و خەونەکانیشی لەگەڵ باوکی لەوانەیە زۆر جیاواز بن، بەڵام خولیا و ئاستە بەرزەکەی وایکـردووە باوکـی بـەردەوام گرنگیـی بـە تواناکانـی بـدات و پشـتیوانی بێـت. یەحیا لەدایکبووی سـاڵی ٢٠٠٣ی شـاری هەولێرە و ئێسـتا لە تازەپێگەیشتووانی یانەی هەولێرە و نیازی ئەوەی هەیە لە ئەکادیمیای ئەنقەرەوە لە دەرگای یانە گەورەکانی ئەورووپا بدات. ئێمەش بۆ لە نزیکەوە ئاشنا بوون بەم یاریزانە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** بۆچی لە ناو ئەم هەموو وەرزشە یاری تۆپی پێت هەڵبژارد؟**

-ئـەم یارییـە خەونێـك بـووە بۆ مـن و هەر لـە منداڵییـەوە خەونی پێوە دەبینـم، براکەشـم یاریزان بـووە. لە ڕێگەی بەڕێـز ئیبراهیمی برام منیش خولیام بۆ ئەم یارییە هەبووە و دەمەوێ لە ڕێگەی ئەم یارییەوە سـەری وەرزشی کوردستان بەرز بکەمەوە.

*** لە چ ئەکادیمیایەکی تۆپی پێ یاریت کردووە؟**

- لـە ئەکادیمـای یانـەی هەولێر و ئیتاڵییەکانیش یاریم کردووە، ئێسـتا یاریزانی تازەپێگەیشتووانی یانەی هەولێرم.

*** چۆن بوو پێوەندیت بە ئەکادیمیای ئەنقەرای وڵاتی تورکیاوە کرد؟**

- لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسـبووکەوە کە چەند ڤیدیۆیەکی منیان بینیبوو، ئاستی یاریکردنی منیان بەدڵ بوو، بۆیە دواتر بە منیان گوت دەتوانی سـەردانی وڵاتی تورکیا بکەیت بۆ ئەوەی تاقیتبکەینەوە، منیش سەردانی ئەو ئەکادیمیایەم کرد، کە زیاتر لە ٣٠ یاریزانی جیهانیان تاقیکـردەوە، منیـش یەکێـك بـووم لـەو یاریزانانـە و خۆشـبەختانە توانیـم سەرکەوتوو بم و ئامانجەکەم بەدی بهێنم بە وەرگرتنم لەم ئەکادیمیایە.

*** وەکو یاریزانێك کە تازە دەتەوێت بەرەو قۆناغی گەورە هەنگاو بنێی، ئاستی وەرزشی کوردستان چۆن دەبینی؟**

-ئاستی وەرزشی کوردستان من بە باشی نابینم، چونکە سەدان یاریزانی دیکـە هـەن کـە دەیانـەوێ بگەنـە ئاسـتی بـەرز، بـەڵام ئـەم هەلەیان بۆ نارەخسێ بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان درووست بکەن، ڕاستە ئەوە پێویستی بە خۆماندووکردنی زۆرە، بەڵام گرنگیدان بە یاریزانان و ڕەخساندنی دەرفەت و ڕاهێنانیـان زۆر گرانتـرە. برایەکی خۆیشـم کـە یاریزانێکی زۆر بەتوانا بوو، بە هۆی گرنگی پێنەدانی ئەویش وازی هێنا.

*** جارێك تەمەن بچووکی بۆچی وا ڕەشبینی؟**

- لـە کوردسـتان هـەر لـە مێژە بەم شـێوەیە و یاریـزان ناتوانێ بە هیچ ئامانجێکی بگات، تەنیا خۆماندووکردنە، هەر منیش ڕەشبین نیم، سەدان کەس ڕەشبینە.

*** پێت باشە قوتابخانە و ئاکادیمیای زیاتر لە کوردستان بکرێتەوە؟**

-بـە دڵنیاییـەوە چەند قوتابخانەی تۆپی پێی بکرێتەوە، یاریزانی زیاتر دروست دەبێت و وەرزش زیاتر پێش دەکەوێت.

*** وەکو یاریزان سوودت زیاتر لە کام ئەکادیمیا بینیوە؟**

- ئـەوەی ئیتاڵییەکـە کـە مـاوەی چـوار مانگ بوو، زۆر سـوودم لێ بینی.

*** هیوا و ئاواتت لە وەرزشکردن چییە؟**

- بەهیوای ئەوەم لە ڕێگەی ئەم وەرزشەوە سەری منداڵانی کوردستان و کـورد بـەرز بکەمـەوە لە جیهاندا و بتوانـم یارمەتی منداڵانی کورد بدەم بۆ ئەوەی بگەنە ئاستی بەرز و یاری تۆپی پێ لە کوردسـتان بەرەوپێش بچێت و یاریزانی زۆر باشمان هەبێت.

*** بیسـتوومانە چەند ئەکادیمیایەکی ئەورووپی چاودێریت دەکەن، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**


- بەڵـێ ڕاسـتە، بەتایبـەت لە وڵاتـی ئیتاڵیا بەڕێـز ڕۆجیریۆ، ئەوەی میسییەکەی کەرکووکی بردە ئەورووپا، زۆرجار لە ڕێگەی تەلەفۆن و تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبووکەوە پێوەندییـان بـە باوکمـەوە کردووە بۆ ئەوەی بمبەنە ئەو ئەکادیمیایە لە وڵاتی ئیتالیا، بەڵام مەرجی ئەوان ئەوە بوو لە سـەر مەسـرووفاتی خۆمان سـەردانی ئەم وڵاتە بکەین، ئـەوەش بـۆ ئێمـە کارێکی قورسـە، بەڵام هەر کاتێك ئـەوان ڕازی بوون بە ئەوەی مەسرووفاتی ئێمە بکەن، ئێمەش ئامادەین بچینە ئەو وڵاتە.

*** ئەکادیمیایی کەتالۆنیا پێوەندییان پێوە نەکردووی؟**

-تاکـوو ئێسـتا نەخێـر، تەنیـا لـە مانچسـتەر لـە ڕێگـەی برادەرێك پێم گوتراوە، بەڵام باوەڕم بەوە نەکرد، چونکە پارەیەکی زۆری دەوێ، بۆ من وڵاتی تورکیا لە هەمووی باشترە.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووت چییە؟**

- لـەم ماوەیـە بـە یەکجاری دەچمـە وڵاتی تورکیا بـۆ پێوەندی کردنی یەکجاریم بە ئەکادیمیایی ئەنقەرەی نێودەوڵەتی.



*** بە چ یاریزانێك لە جیهان و کوردستان سەرسامی؟**

- لە جیهان بە میسـی، چونکە یاریزانێکی سەرسـوڕهێنەرە و دەمەوێ لاسایی ئەو بکەمەوە و لە کوردستانیش بە سەرهەنگ موحسین.

*** حەزت لییە لە ناو وەرزش بە کێ بانگت بکەن؟**

- هـەر بـە نـاوی خۆم، یەحیـا محەمەد، بـەڵام جووڵەی یاریکردنیشـم وەکو میسیە.

*** لە وەرزش کردنت کێ زۆر پشتگیریت دەکات؟**

-بـە پلـەی یەکـەم باوکـی خۆشەویسـتم و براکانـم و کاك ئـاڵا و چەند هاوڕێیەکی دیکەم.

*** خوێندن گرفتی بۆ دروست نەکردووی؟**

- نەخێر، چونکە لە خوێندنیش ئاستم زۆر باشە.

*** دوای وەرگیرانـت لـەم ئەکادیمیایـە هیـچ بەرپرسـێکی وەرزشی پێوەندییان پێوە کردووی؟**

-بەڵـێ، چەندیـن هـاوڕێ و خۆشەویسـتان پێوەندییـان پێـوە کـردووم، یاریزانانی یانەی هەولێر زۆر هاوکاریمیان کردووە، بەتایبەت سـەرهەنگ موحسین و هەردی سیامەند، کەناڵە ڕاگەیاندنەکانیش هاوکارم بوون.



*** چۆنە پێوەندیت بە ئەکادیمیایەکی شاری بەغداوە نەکردووە؟**

- چونکـە یاریـزان چەنـد بەتوانـا بێت لە ئاسـتی عێراق، بـەڵام ناگاتە ئامانجی خۆی، بۆیە ڕەشبینم بە ئاستی وەرزشی عێراق.

*** ئایـا نیـازی ئـەوەت هەیە لـە دەرگای تورکیاوە هەنگاو بۆ ئەورووپا بهاوێی؟**

- بە هیوای ئەوەم بتوانم ئەم کارە بکەم و لە یانەیەکی گەورەی ئەورووپا یاری بکەم.

*** یانەی هەولێر داوای گرێبەستی لێ کردووی؟**

- بەڵێ، بەڵام گرێبەستم نەکردووە، بە هۆی ئەوەی کە گرێبەست بکەم، ناتوانم بۆ هیچ شوێنیکی دیکە یاری بکەم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا باسی بکە؟**

- زۆر سـوپاس بـۆ گۆڤـاری گـوڵان بـەردەوام هاوکاری وەرزشـکارانی شـارەکانی کوردسـتانە بەبـێ جیـاوازی خزمەتـی بەرچاوتـان بـە بـواری وەرزشی کردووە.

# بە فەرمی ڕۆناڵد کومان بووە راهێنەری ئێڤەرتۆن



ڕۆناڵد کومان، راهێنەری هۆڵەندی پێشووی یانەی ساوسهامپتۆنی ئینگلیزی بە شێوەیەکی فەرمی ئەرکی راهێنەرایەتی یانەی ئێڤەرتۆنی ئەو وڵاتەی گرتە دەست.

پێگەی فەرمی یانەی ئێڤەرتۆن بڵاویکردەوە، بەرپرسانی یانەکەیان دوای چەندین گفتوگۆ، دواجار لەگەڵ ڕۆناڵد کۆمان راهێنەری پێشووی یانەی ساوسهامپتۆن گەیشتنە ڕێککەوتن، بۆیە ناوبراو وەرزی داهاتوو لەسەر کورسی یانەکەیان بەردەوام دەبێت لەسەر پیشەکەی.

کۆمان، شوێنگرەوەی مارتینێز لە یانەی ئێڤەرتۆن، ساڵی ٢٠١٤ ئەرکی راهێنەرایەتی ساوسهامپتۆنی گرتەدەست و لە یەکەم وەرزی توانی پلەی شەشەم بەدەست بێنێت، لە وەرزی ئەمساڵیش پلەی شەشەم و بلیتی یۆروپا لیگی مسۆگەر کرد.

## یاریزانێکی لیڤەرپول پێوەندی بە پۆرتۆ کرد




جواو تێکسێرا، یاریزانی پێشووی لیڤەرپولی ئینگلیزی ریزەکانی ئەو یانەیەی بەرەو پۆرتۆی وڵاتەکەی بەجێهێشت.
پێگەی فەرمی یانەی پۆرتۆی پۆرتوگالی بڵاویکردەوە، پاش ئەوە تێکسێرا ئامادەنەبوو گرێبەستەکەی لەگەڵ لیڤەرپۆل نوێ بکاتەوە، بەرپرسانی یانەکەیان توانییان بگەنە رێککەوتن لەگەڵ ناوەڕاستکاری وڵاتەکەیان، بۆ ئەوەی وەرزی داهاتوو پێوەندی بە ریزەکانی یانەکەیانەوە بکات، بۆیە ناوبراو بە گرێبەستێکی چوار سالی و بێ بەرامبەر پێوەندی بە یانەی وڵاتەکەیەوە کرد.
تێکسێرا ساڵی ٢٠١٢ ریزەکانی سپۆرتینگ لیشبۆنەی پورتوگالی بەرەو پریمەر لیگ جێهێشت و لەو کاتەوە نەیتوانی هیچ پێگەیەک لە یانەی لیڤەرپول بەدەست بێنێت، بۆیە دواجار بڕیاری دا بۆ خولی وڵاتەکەی بگەڕێتەوە.




## بەرشلۆنە گرێبەستی لەگەڵ یاریزانێکی بەرازیلی مۆرکرد

بەرپرسانی بەرشلۆنەی ئیسپانی، دوای رکابەرییەکی زۆر لەگەڵ چەند یانەیەک توانییان گابرییێل ژێسۆس یاریزانی لاوی برازیلی یانەی پالمیراسی ئەو وڵاتە بگوازنەوە بۆ ریزەکانیان.
رۆژنامەی Sportـی کەتەلۆنی بڵاویکردەوە، بەرپرسانی بەرشلۆنە رازیبونە بە تەواوی بەندەکانی ژێسۆس، هێرشبەری تەمەن ١٩ ساڵی یانەی پالمیراسی بەرازیل، بۆیە چەند رۆژی داهاتوو ئەو گرێبەستە بە فەرمی لەلایەن هەردوولاوە واژۆ دەکرێت.
هێرشبەری برازیلی، وەرزی ئەمساڵ لەگەڵ یانەکەی بەشداری ٢٢ یاریدا کردووە و توانیویەتی ١٣ گۆل تۆمار بکات.





# سیروانی نوێ باشترینەکانی کوردستانی بۆ خۆی برد

ئەمساڵیش وەکو نەریتی ساڵانی رابردوو یەکێتی تۆپی پێی کوردستان باشترینەکانی خولی پلە یەکی کوردستانی دیاری کرد کە ئەمساڵ هەریەك لە یانەکانی سیروانی نوێ و گازی باکوور بە پلەکانی یەکەم و دووەم دوو پلیتی خولی نایابی کوردستانیان بەدەستهێنا، لە رێورەسمێکیشدا لە بارەگای یەکێتی تۆپی پێی کوردستان باشترینەکانی خولی پلە یەك لە گۆڵکار و باشترین یاریزان و باشترین گۆڵپارێز وەکو ساڵانی رابردوو لە رێگەی فۆرمی راگەیاندنەکانەوە دیاری کرا. هەرچەندە ئەمساڵ یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری دابوو کاپتنی یانەکان و راهێنەرەکان ئامادەبن لە دیاریکردنی باشترینەکان، بەڵام رێژەیەکی یەکجار کەم ئامادەی رێورەسمەکە بوون، باشترینەکانیش بۆ وەرزی ئەمساڵ بەمشێوەی خوارەوە بوو:

**باشترین گۆڵکار**

مستەفا مەحمود ٨گۆڵ لە یانەی سیروانی نوێ

**باشترین یاریزان**

شاڵاو عەباس لە یانەی سیروانی نوێ ٢٠دەنگ

**باشترین گۆڵپارێز**

ئیسماعیل ئەحمەد لە یانەی گازی باکوور ٢١دەنگ



# یەکگرتنی یانەکانی هەولێر و بروسک نافەرمییە

هەرچەندە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو هەواڵی یەکگرتنی هەردوو یانەکەی شاری هەولێری پایتەختی کوردستان هەولێر و بروسك بڵاوکراوەتەوە، بەڵام سەرجەم ئەم دەنگۆیانە نافەرمین و نەبۆتە فەرمی و لە سەر کاغەز کاری پێ نەکراوە، یانەکانیش تاکو ئێستا هیچ ئامادەکارییەکیان نەکردووە بۆ ئەوەی ئەم یەکگرتنەش ببێتە واقیعی بەر لە دەست پێکردنەوەی خولەکان سەرجەم تیپەکان یەکبگرنەوە. لە بارەی دەنگۆی یەکگرتنی هەردوو یانەکەش مەحمود عەزیز جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تاکو ئێستا تەنیا قسەیە و قسەی کۆتاییمان لەسەر نەکردووە کە ئایا ئەم یەکگرتنە سوودمەند دەبێت یاخود زیانی دەبێت، سەرۆکی یانەکەمان پێشنیاری کردووە بۆ ئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر، ئێمەش دواتر لە کۆبوونەوەکانی داهاتوو بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆمان وەك تێکرایی ئەندامانی دەستەی کارگێڕی دەخەینەڕوو، ئەگەریش ڕێککەوتین لەسەر یەکگرتنەوە لەگەڵ یانەی بروسك، ئەوا بە هەموو شتێك تێکەڵ دەبینەوە، لە تیپەکانی جۆراوجۆری وەرزشی تاکو دەگاتە هەموو ئەوانەی تایبەتن بە هەردوو یانەکەوە، هەموو شتێکیش لایەنی خراپ و باشی هەیە، ئێمە لایەنی باشی ئەو یەکگرتنە وەردەگرین، بۆ ئەوەی بتوانین لەم یەکگرتنە زۆرترین سوود بە هەموو لایەك بگەیەنین، جگە لەوەش تاریق عەبدولڕحمان سەرۆکی یانەی بروسك خزمەتێکی زۆری وەرزشی کردووە و خزمەتی هەولێریشی کردووە کە کاتی خۆی یاریزانی هەولێر بووە و لە ڕووی هونەریشەوە باشە، بەڵام ئەوە قسەی کۆتایی نییە لەسەر یەکگرتنی هەردوو یانەکە، چونکە دەبی کۆبوونەوە و قسەی زیاتری لەسەر بکرێت، یەکگرتنی تیپەکانیش پێویستی بە کاتە، هەر وا ئاسن نییە کەوا دوو یانەی گەورە یەکبگرن، هەر یەکگرتنێکیش بۆ خزمەتکردن بێت کارێکی باشە.»

# بگار چاوەڕێی یانەیەکی نوێ دەکات

تاکو ئێستا بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان لە نێوان یانەکانی کوردستان دەستی پێنەکردووە، بە هۆی تەواوبوونی ماوەیەکی کورتی خولی کوردستان، بەڵام کارگێڕانی یانەکان لە ئێستاوە یاریزانان دەستنیشان دەکەن بۆ یانەکانیان، بگار ئەنوەر گۆڵپارێزی یانەی شەهیدانی ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین و پێشووی یانەی سیروانی نوێ کە وەرزی ڕابردوو توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لەگەڵ یانەی شەهیدان لە خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان، بۆ وەرزی نوێی خولەکانی کوردستانیش بگار ئەنوەر تاکو ئێستا بڕیاری یەکلاکەرەوەی نەداوە لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی وەرزشی خۆی بۆ ئەوەی بچێتە یانەیەك، لەم بارەشەوە بگار ئەنوەر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تاکو ئێستا بڕیارم نەداوە کە ئاخۆ لە وەرزی نوێ خولەکانی کوردستان بۆ چ یانەیەك یاری دەکەم، بەڵام وەرزی ڕابردوو لە یانەی شەهیدان بووم ئێستا لە چاوەڕوانی ئەوەم کە خولەکانی کوردستان دەست پێبکاتەوە، سەیر دەکەین بزانین کەوا لەگەڵ چ یانەیەك ڕێکدەکەوین، چونکە یانەکان پێش دەستپێکی خولەکان گرێبەست لەگەڵ یاریزانان دەکەن، تاکو ئێستاش هیچ یانەیەك پێوەندی پێوە نەکردووم بۆ ئەوەی لەگەڵ تیپەکانیان ڕێکبکەوم، بەڵام ئەگەر هەر کاتێك یانەیەکی باش هەبوو لەگەڵ من بگونجێت، بەخۆشحاڵییەوە لەگەڵیان کاردەکەم بۆ ئەوەی بتوانم بەرگری لە تۆڕی گۆڵەکانیان بکەم.» جێگای ئاماژە پێکردنە بگار ئەنوەر لە وەرزی ٢٠١٣بۆ٢٠١٤ باشترین گۆڵپارێزی سەر ئاستی خولی پلە یەکەکانی کوردستان بووە لەگەڵ یانەی سیروانی نوێ چەندین ئەنجامی باشی بەدەستهێناوە .